# زانیاری گرینگ و سەرنجڕاکێش
# لەسەر زیندانیی کورد لەئێران

## ڕاپۆرتێک لە سەر بارووودۆخی زیندانیانی سیاسی PJAK لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو رژیمێکی تۆتالیتەر و دژی ئازادیەکانی مەدەنی، لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە هەتا ئەمڕو هەمیشە پێداگری کردووە لە سەر سەرکوت کردنی ئازادیخوازان و بنەبڕ کردنی رامانی ئازادانە ژیان کردن. هەمیشە هوڵدانی بۆ ئەوە کردووە کە بچووکترین خۆ راپسادن لە کوت و زنجیرەکانی بە نامرۆڤانەترین شێوە وڵام بداتەوە. چالاکی و خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران وەکوو هەوڵدان لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی و جووداخوازی نیشان دەدات و بە توندترین شێوە لە بەرامبەریدا کاردانەوە نیشان دەدات. لە کاتی سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی ئێران بە لانیکەم ٤٥٠٠ کەسی کورد لە شارە جیاجیاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە فەرمانی خومەینی و لە بن بەرپرسیاریتی خەڵخاڵی دا(سەرۆکی دادگای شۆڕشی ئیسلامی ئەوکاتە) بە بێ هیچ دادگاهی و مەحکەمەیەکی فەرمی لەسێدارە دران. ئێستاش لە دوای سی و چوار ساڵ، زیندانەکانی ئێران پڕە لە کەسایەتی رۆژنامەوان، سیاسەتمەدار، هونەرمند، خوێندەوانانی زانکۆ، چالاکانی مەدنی و کەسانی ئازادیخواز کە تەنیا تاوانیان ئازادانە ژیان کردن و تێکۆشان بۆ هێمنی کۆمەڵگایە. ئێران کە ئەندامی ٥ پەیماننامە لە ٩ پەیماننامەی نێونەتەوەییە لە بواری مافی مرۆڤە، کە لە لایەنی حقوقییەوە مەجبوور بە لەبەرچاو گرتنی خاڵەکانییە. بەڵام سەرەرای ئەوەش لە بواری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا یەکێک لە وەڵاتە پلەدارەکانەی سەرەوەی ریزبندییە. بە بەرچاو گرتنی ئەو رەفتارەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرحەق بە زیندانیانی سیاسی بەتایبەت و گشتی زیندانیانی دیکە، دەردەکەوێت کە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ پایبەندیەکی ئەخلاقی و حقوقی بە جاڕنامەی مافی مرۆڤ و تەنانەت هێندی لە خاڵەکانی یاسای بنەڕەتی خۆیشی دا نییە. وەکوو نموونە: خاڵی ٢٣ی یاسای ئێران دەڵێت: "لێپرسینی باوەری و عەقیدە لە ئێران قەدەخەیە و نابێ بە هۆی باوەڕی جیاواز کەسێک تۆمەتبار یان تاوانبار بکرێ". بەڵام بە پێچەوانە هەبوونی زیندانیگەلێک وەکوو زەینەب جەلالیان کە تەنیا بە هۆی بیرو ڕایەکی جیاوازو بەهرەمەندی لە کەسایەتی ژنێکی ئازادی کورد کە پێچەوانەوەی عەقلییەتی دواکەوتوو و دژەدیمۆکراتیکی سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، لە لایەن ئەو رژیمەوە حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپێندراوە.

ئازادی رادەڕبڕین و باوەڕی لە ئێراندا یانی دووبارە کردنەوەی باوەرییەکانی رژیم و هەڵگوتن و مەدحی زیاتریان. هەروەها دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بریتین لە جولانەوە لە چوارچێوەی جەبرێکی کە شەریعەت دیاری دەکا. رەخنە گرتن لە سیستەمی ئێران هاوکاتە لە گەڵ گرتن، ئەشکەنجە، زیندان و سێدارە و حوکمی وەک، شەڕ لە هەمبەری خوا و خستنە مەترسی ئاسایشی وڵات و هەوڵدان بۆ لە رووخاندنی رژیم.

هەروەها خاڵی ٣٢ کە دەڵێ " هیچ کەس نابێ بێبەڵگە و بێحوکم یاسایی بگیردرێت؛ لە ئەگەری گرتنیشی تاوانی ئەو کەسە چییە دەبێت بە شێوازی فەرمی بە تاوانباری رابگەیەنن و لە ٢٤ کاتژمێردا پەروەندەکەی بەڕێی دادگا بکەن و زووترین کاتدا بە کاروباری دۆسییەکەی رابگەن." هەروەها ئەسڵی ٣٥ دەڵێ " لە هەموو دادگاکان هەرکەس مافی ئەوەی هەیە کە پارێزوانێک بۆ خۆی دیار بکات و تەنانەت لە ئەگەری دەسکورتی کەسی گیراو دەبێت دەولەت بۆ خۆی ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ." خاڵی ٣٨ ئاماژە دەکا بە ئەوەی کە" هەر چەشنە ئەشکەنجە بۆ گرتنی ئیعتراف و ئاگاهی قەدەخەیە؛ مەجبوور کردنی زیندانی بۆ شایەتی دان، سوێند خواردن و ئیعتراف روا نیە و ئەگەر بەو جۆرە بەڵگەیەکیش وەدەست بخرێ بێبایەخە." ئەسڵی ٣٩ دەڵێت کە بێ حۆرمەتی یا هەر چەشنە تەهدید بە دەستدرێژی لە سەر زیندانی قەدەخەیە و ئەگەریش هەبێت، تاوانی هە یە." بەڵام بە خوێندنەوەی نامەکانی شەهیدانی زیندان، مامۆستا فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هوولی و هەروەها ئەوانەی کە ئێستاکە لە زیندان دان وەک حەبیب الله گوڵپەری پوور بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو ئەم خاڵانە جگە لە نووسراوەیەکی فۆرماڵیتەی سەر پەل شتێکی دیکە نییە. ئەو زیندانیانە هەر لە رۆژی دەستپێکەوە بێ هەبوونی بەڵگە لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەسبەسەر کران، بۆ ماوەی چەندین مانگ لە ژێر ئەشکەنجەدا بوون. هەموو پێوەندێکیان بە دوونیای دەرەوە پچڕاوە. بێ هەبوونی پارێزەر و مافی خۆپاراستن لەخۆبەرگری کردن لە دادگایەکی چەند خولەکیدا بە سێدارە مەحکووم کران و بەبێ ئاگاداری بنەماڵە حوکمی هێندی لەوان جێبەجێ کراوە و تا ئەمڕوکەش تەرمی ئەو کەسانە رادەستی بنەماڵەکانیان نەکراوەتەوە. هەروەها ئەمڕو زۆر لەو زیندانیانەی کە لە حەبسی ئێران دان بۆ گرتنی ئیعتراف تەهدید بە دەستدرێژی کراون و زۆر کەسیش بەتایبەت ژنان دەستدرێژی و بێ ڕێزییان پێکراوە. لە گەڵ ئەوەش بە سەدان زیندانی بۆ گرتنی ئیعتراف لە ژێر ئەشکەنجە، یا گیانیان لە دەست داوە، یا تووشی نەخۆشی جیاوازی جەستەیی و دەروونی بوونەتەوە. کە ئەم شتانە بۆ خۆی شاهەدێکی بەرچاوە بۆ ئەوەی کە رادەی دژە مرۆڤ بوونی حوکمەتی ئێران نیشان بدا.

لەم چوارچێوەیەدا کۆماری ئیسلامی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە کە بە هەموو شێوازیک هەر چەشنە ئازادی ڕادەربڕین و ئاسانکاریەکانی خەباتی مەدەنی بنبڕبکا تا ئەو جییەی کە مەودا دەدا

کومەڵگا بێ‌ڕێبازی خۆپاراستن بهێڵێتەوە. لەم چوارچێوەدا زیندان ئامرازێکە بۆ بێ ئێرادە کردن، ڕاهێنان، ئامادە کردن و درووست کردنی مرۆڤێک بە پێ بەرژەوەندی سیاسەتی دەسەڵاتخوازان. ئەمەش لە پێناو بێ‌ئێرادە کردن و چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا دایە. هەڵبەت پەرەپێدان بە سیاسەتێکی کە لە تەک ئەخلاق و پێوانەکانی ئازادیدا ئاوێتەیە بووە، هەروەها پێشخستنی کلتووری ڕێزدانان بۆ مافی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵگا و ئازادی ڕادەربڕین و ڕێز لێنان لە دیمۆکراسی بۆ سەقامگیر کردنی ئەمنیەت و ئاشتێکی مایەندە لە ئێران و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا خاوەن گرینگییەکی بەرچاوە. هاوکات بۆ ئامادە کردنی زەمینەیێکی دیمۆکراسی لە ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان بە سەدان لاوی کورد ئەمڕو لە زیندانەکانی ئێران و شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەکوو ئۆرمیە، سنە، مەهاباد، ماکۆ، کرماشان،... هێلی خۆڕاگریان هەڵبژاردووە و درێژە بە تێکۆشانی ئازادیخوازیان دەدەن. بە گەشە کردنی خەباتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(PJAK) زەخت و گوشاری لە سەر زیندانیانی سیاسی پەرەی سەندوە. هەوڵدان بۆ شکاندنی ئێرادەی جەوانانی کورد کە لە کەسایەتی زیندانیانی سیاسی دا، ئامانجی سەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، تا ئێستا بە خۆڕاگری بێ‌وێنەی رۆڵەکانی گەلەکەمان بێ‌ئاکام ماوەتەوە.

ـ ئێستاکە چەندین ئەندام و وەڵاتپارێزی کورد کە لە سەر دۆزی PJAK بە تۆمەتی موحاربە(شەڕی دژی خودا) و تێکدانی ئاسایشی وڵات و هەوڵدان بۆ لەناو بردنی حوکمەتی ئیسلامی ئێران بە ئیعدام مەحکووم کراون و هەرکات ئەگەری جێبەجێ کردنی حۆکمی ئەوان لە ئارادایە.

١. حبیب الله گولپەری پوور

حبیب الله گولپەریپوور لە دایک بووی ١٣٦٣ شاری سنە. لە بەرواری ٥ رەزبەری ساڵی ١٣٨٨ لە کاتی دەرکەوتن لە مەهابادوە بۆ ئۆرمیە (بە پێ بەڵگەنامەی تاوانباری ئیتلاعاتی ئێران) لەگەڵ هێندێ کتێب و لە چاپدراوی گرێدراوی پژاک لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سوپای مەهابادەوە گیرا. چەند مانگ لە ژێر لێپرسینەوەو ئەشکەنجەی کاربەدەستانی ئیتلاعاتی شارەکانی مەهاباد، ئۆرمیە و سنە ماوەتەوە.

حەبیب لە نامەیەکی خۆی دا ئاماژە بە ئەشکەنجەی رۆحی و جەستەیی خۆی دەکات و ئەڵێ:"سەرەڕای لێپرسینەوەی درێژخایەن و ئەشکەنجەی جەستەی و رۆحی منیان هەتا ئاستی مردن برد. شکایەتی ئەوەشم بەردەوام دەهەناردە داموو دەزگاکانی دەوڵەتی، بەڵام لەم وەڵاتەدا دەنگی ئێمە حۆجرەکانی زیندانیش تێناپەڕێنێ، هەتاکوو بیسەری هەبێت." حبیب لە ٢٤ رەشەمەی ١٣٨٨ لە دادگای شۆرشی مەهاباد بە بەرپرسیارێتی قازی خۆدادادی لە ناو چەند خولەک بە تاوانی

ئەندام بوون لە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان مەحکوومی لەسێدارەدان بوو. حۆکمەشی لە لایەن دادگای باڵای وەڵاتەوە پەسەند کراوە و ئێستاش هەر کات لە مەترسی لەسێدارەدان دایە.

حەبیب وەکوو زیندانیانی سیاسی دیکە لە زیندانی ئورمیە لە ناو ساڵانی رابردوودا بە چەندین جار لە لایەن رایەدارانی زیندان و ئیتلاعاتی شاری ئورمیەوە لە گەڵ چەند زیندانی سیاسی دیکە کەوتۆتە حوجرەی تاکەکەسی و بۆ وەرگرتنی دانپێدانان تەلەویزیونی زەختی زۆریان لە سەر داناوە و لە ئەگەری هاوکاری نەکردن دا تەهدیدی پێک هێنانی حوکمەکەیان کردووە. حەبیب لە هاوینی ١٣٩١ لە ئورمیە راگوێزی سمنان کرا.

٢- حبیب الله لەتیفی

حبیب الله لەتیفی لە دایک بووی ١ خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦١(١٩٨٢) شاری سنە، خوێندکاری ئەندازیاری سەنایعی زانکۆی پەیام نووری ئیلام بووە. لە بەرواری ١ خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٦ لە شاری سنە لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە گیرا. ٤ مانگ لە حوجرەی لێپرسینی ئیتلاعاتی سنە ماوەتەوە و لەم ماوەیەشدا ئەشکەنجەی زۆر کراوە کە بۆتە هۆی خوێنرێژی گورچیلە و شکانی سەری، لە دوای ئەوەش گوازراوەتەوە زیندانی سنە. حبیب الله لەتیفی لە بەرواری ١٠ پووشپەری ساڵی ١٣٨٧ لە دادگای سنە بە بەرپرسیاریێتی قازی بابایی بە تاوانی موحاریبە و ئەندام بوون لە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان دادگایی کراوە و سەرەرای پارێزوانی وەکیلی ئەو یانی نیکبەخت و نعمت ئەحمەدی لە ئاکام دا حۆکمی سێدارەی پێ درا. لە دوای ئەرێ کردنی لە لایەنی دادگای باڵای وەڵات، لە بەرواری ١٦ رەشەمەی ساڵی ١٣٨٨ ئەم حوکمە بە پارێزوانەکەی راگەێندرا.

حوکمی لەسێدارەدانی حەبیب کە بڕیار بوو لە ٥ بەفرانباری ١٣٨٩ لە زیندانی سنە پێکبێت، رووبەڕووی نارەزایەتی گەلی کورد و رێکخراوە مەدەنیەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ لە هەر چوار بەشی کوردستان بۆوە، بۆیەش بە فەرمانی دادستانی سنە بە شێوازێکی کاتی راوەستا. حەبیب ئێستا لە زیندانی سنەیە و بە هۆی قەتعی بوون حوکمەکەی هەر کات مەترسی پێک هێنانی هەیە.

٣. سیروان نژاوی

سیروان نژاوی خەڵکی شاری سەردەشت لە بەرواری ١٤ی پووشپەری ١٣٩١ لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە لە شاری کەرەج دەستگیرکرا و بۆ لێپرسین گوازرایەوە ئورمیە و بۆ ماوەی یەک مانگ و نیو لەوێ ماوە. لە دوای ئەوە دەربازی زیندانی مەهاباد کراوە و لە لایەن دادگای شۆڕشی مەهابادەوە بە تاوانی هاوکاری کردنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپێنرا. پاشانیش لە زیندانی مەهابادەوە بۆ زیندانی ئورمیە گوازراوەتەوە. دۆسییەکەی بۆ پێداچوونەوەی دووبارە نێردراوەتە دادگا و ئێستاش چاوەڕوانی حۆکمی دواییە.

٤. ئیبراهیم عیسیپور

ئیبراهیم خەڵکی شاری سەردەشتە و لە ساڵی ١٣٩١ لە لایەن ئیتلاعاتەوە گیرا و بۆ لێپرسینەوە دەربازی شاری ئورمیە کرا. لە دوای یک مانگ و نیو مانەوە لە حوجرەی تاکەکەسیدا بەرێی زیندانی مەهاباد کرا. ئیبراهیم لە پەروەندەیەکی هاوبەش لە گەڵ سیروان نژاوی لە بەرواری ٢٣ خاکەلێوەی ٩١ لە لایەن دادگای شۆرشی مەهابادەوە بە تاوانی هاوکاری لە گەڵ پارتی ژیانی ئازادی کوردستان حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپێنرا. ئێستا لە زیندانی ئورمیەیە و چاوەڕوانی بەرێوەچونی حوکمەکەی دەکا.

٥. رەزا ئیسماعیلی

رەزا ئیسماعیلی (مامەدی) ٣٤ ساڵە و خەڵکی شاری سەڵماس کە لە پاییزی ساڵی ١٣٩٠ لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سەڵماسەوە گیرا. ئەو لە دوای چەند مانگ کە لە ژێر لێپرسینەوەی ئیتلاعاتی شاری سەڵماسدا مایەوە و ئەشکەنجە کرا، لە لایەن دادگای شۆرشی شاری خۆی بە تاوانی هاوکاری لە گەڵ پارتی ژیانی ئازادی کوردستان حوکمی سێدارەی پێدرا. ئەم بەرێزە ئێستا لە زیندانی سەڵماس دایە و لە دوای نارەزایەتی لە حوکمەکەی بۆ دووبارە پێداچوونەوە ناردراوەتە دادگای گشتی ئەیالەتی ئازەبایجانی رۆژئاوا.

هاوکات دەرەوەی زیندانیانی سیاسی دۆزی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK)، ئەندامانی پارتێ کوردیەکانی دیکەش حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپێنراوە. کەسانی وەکوو لوقمان و زانیار مۆرادی و شێرکۆ مەعاریفی سەزای سێدارەیان هەیە و مەترسی پێک هێنانی سەزاکەیان هەیە.

دیسان زۆر زیندانی سیاسی هەن کە بە هۆی ئەشکەنجەی لە رادە بەدەر و بێ بەرپرسیارێتی کاردارانی زیندان لە دەرمان کردنیان دا ئێستا بارووذۆخی تەندرووستیان نالەبارە و مەترسی گیانیان لە سەرە. زەینەب جەلالیان یەک لەو کەسانەیە، کە ئێستا لە زیندانی دیزل ئابادی کرماشانە. زەینەب جەلالیان لە دایک بووی ساڵی ١٩٨٢ گوندی دێم قشلاقی سەر بە شاری ماکۆیە. کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە کاتی چوونی لە کامیارانەوە بۆ کرماشان گیرا و بە تاوانی ئەندامێتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان و چالاکی چەکداری، کە هیچ کات ئەم تاوانەی قەبووڵ نەکرد لە دادگایەکی چەند خۆلەکیدا بەبێ هەبوونی پارێزەر حۆکمی ئیعدامی بە سەردا سەپێندرا. لە ماوەی لێپرسینەوەی لە ژێر ئەشکەنجەی رۆحی و جەستەیی هێزەکانی ئیتلاعاتی ماوەتەوە و لە ئەنجامی ئەم ئەشکەنجانە زەربەی گران لە سەری دەکەوێ و خوێنرێژی زۆر دەکات بەڵام بەرپرسانی زیندان تەنیا دەرمانی سەرپێی دەکەن و بۆ چارەسەری و دەرمانی زیاتر هەوڵدانێک ناکرێ. دیسان لە ئەنجامی ئەم ئەشکەنجانەدا لاشی تووشی عوفوونەتی جیدی بووە، بە تایبەت ریخۆڵەکانی برینی هەڵگرتووە. هەروەها سۆمای چاوی کەم بۆتەوە. بەڵام هەتا ئێستا بەرپرسانی زیندان ئامادە نەبوونە لە

دەرەوەی دەرمانگای ناو زیندان چارەسەری نەخۆشییەکانی بۆ بکەن. بۆیە مەترسی لە دەس چوونی بینایی هەیە. زۆر جار لە بەر برین و عوفوونەتی دەروونی ناتوانێ خواردن بخوات و لە بەر ئازاری سەر ناتوانێ پشوو بدات.

زەینەب چەندین جار لە ژێر زەختی ئەوەدا بووە کە پێویستە لە بەر کامێرا دان بە تاوانەکانی کە قەت نەیکردووە دانێ، هەتاکوو حۆکمەکەی بۆ کەمکەنەوە یان بیگۆرن. بۆ ئەوەی دان بە تاوانی سەپێنراو دا بنێ ئەشکەنجە کراوە و لە گەڵ بنەماڵەی بۆ رازی کردنی گفتوگۆ کراوە و... بەڵام زەینەب بە هیچ شێوازێک ئەمە قەبووڵ ناکات. بە هەوڵدانێکی نیونەتەوەیی لە لایەن دام و دەزگاکانی مافی مرۆڤ چالاکانی مەدەنی حوکمەکەی گۆرا، بەڵام سەرەڕای راوەستانی حۆکمی سێدارە دیسان رووبەڕووی مەترسی گیانیە.

دیسان رەمەزان موحەممەد موسلیم کە خەڵکی شاری کووبانێی رۆژئاوای کوردستانە، لە ساڵی ١٣٨٥ بە تاوانی ئەندامێتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان گیرا. لە کاتی گرتنی دا بە هۆی پێهەڵچوونی لە گەڵ هێزەکانی سوپای پاسداران، دەستی بریندار دەبێت. هاوکات لە گەڵ ئەوەش بە هۆی ئەشکەنجەی هێزەکانی ئیتلاعاتەوە برینەکەی چڵک دەکات و باروودۆخی تەندرووستی دەکەوێتە مەترسییەوە. بەڵام بە هۆی بێ بەرپرسیاریەتی رایدارانی زیندان هەتا ئێستا برینەکانی چارەسەر نەبووە و برینەکەی تەشەنەی کردووە و ئەگەری بڕینەوەی دەستی زۆرە.

بێهرووز ئاڵاخانی لە دایک بووی ١٣٦٤ شاری سەڵماسە کە لە رێبەندانی ساڵی ١٣٨٨ لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سەڵماسەوە گیرا و بۆ ماوەی ١٩ مانگ لە ژێر لێپرسینەوەدا بووە. لە ئیتلاعاتی شارەکانی خۆی و ئورمیەدا، لە ژێر ئەشکەنجەی جەستەیی و رۆحی دا ماوەتەوە. ئەم ئەشکەنجانە بۆتە هۆی ئەوە کە ئێستا لە بواری رۆحی و دەروونی تووشی نەخۆشی ببێت و باروودۆخی تەندرووستی باش نیە. لە سەرەتا دا بە تاوانی هاوکاری لە گەڵ پارتی ژیانی ئازادی کوردستان تاوانبار کرا بەڵام لە دوای چەند جار لێپرسین، بەشداری لە کۆشتنی دادستانی خۆی لە سەر پەروەندەکەی زیاد کرا. بەڵام ناوبراو ئەوتاوانە رەت دەکاتەوە. لە ٢٣ رەزبەری ساڵی ١٣٩٠ لە دادگای شاری ئورمیە بە بەرپرسیارێتی قازی چابوک حوکمی سێدارەی بە سەردا سەپێنرا. هەروەها بە تاوانی هەڵگرتنی چەک کاتی دەستگیر کردنی، ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە. بێهرووز مافی چاوپێکەوتنی لە گەڵ بنەماڵەی تەنیا مانگێ جارێک، ئەویش بە ئامادە بوونی بەرپرسانی زیندان هەیە. ئێستاکەش باروودۆخی بێهرووز باش نیە و لە بەر حەساسیەتی پەروەندەکەی بەرپرسانی زیندان ئامادە نیین لە نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان چارەسەری نەخۆشینەکەی بکەن. پەروەندەکەی لە پاش رادەست کردنی بۆ دادگای باڵای ئێران، هاو کات لە

گەڵ سەید سامی حۆسەینی و سەید جەماڵ مۆحەمەدی حۆکمەکەیان شکا و بوو بە زیندانی هەتاهەتایی.

له گەڵ ئەوەش بە سەدان زیندانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران بە هۆی هاوکاری یا ئەندامێتی لە گەڵ پژاک سەزای زیندانی درێژخایەنیان هەیە یا چارەنووسیان نادیارە.

کۆمیتەی زیندانیانی سیاسی (PJAK)

٢٧.٠٩.٢٠١٢

**Tel**

**٠٧٥٠١١٧٦٦٤١**